# بانگەشە بۆ "هەلبژاردن", هەرەشە بۆ خۆشکردنی جەنگی ناوخۆ!!

**محمد غفور ـ هۆلەندا**
mgafor@yahoo.com
20/01/2005

**بەگوێرەی هەرپێوانەیەکی هەلبژاردن لەجیهاندا ناکرێ بەمەی کەلەعێراق بەرپاکراوە بووترێ هەلبژاردن.ئەوەی دەیبینین لەگالتەبازارێك زیاتر نییە.من لێرەدا سەرنجتان بەتەنها ڕادەکێشم بۆسەر بانگەشەی هەلبژاردنی تەرەفەکانی ئەم کایەسیاسییە. لەهەر شوێنێکی دنیا کە پرۆسەی هەلبژاردن دەستپێدەکات،حیزب ولایەنەکانی ناوی دەست دەکەن بە پڕوپاگەندە بۆ ئەو بەرنامە سیاسی وئابووری وکۆمەلایەتیانەی کەدەیخەنە بەردەم خەلك وکۆمەلگاوە.پێشبڕکێکانیان ئەچێتەسەر پلان ونەخشەی کاری ئایندەیان بۆ کۆمەلگا بەهەر ڕادە لەدووری ونزییان لەڕاستییەوە.بێگومان لەناو پرۆسەی هەلبژاردنی ڕۆژئاوایشدا وەعدوبەلێنی درۆ زۆرە.لێرە تەنانەت قسە لەسەر بەخشینەوەی گفت وبەلێنی درۆش نییە،کەبەخەستی سەرقالی تەپلێدانن بۆی. بەلام لەناو بانگەشەی ئەم مەسخەرەیەی عێراقدا ئینسان بەئاشکرا لەجیاتی بانگەشە بۆ هەر شتێك پەیوەندی بەخەلك وخواستەکانیانەوە بێت، بۆن وبەرامەی جەنگ وخوێن ئەچێت بەسەروچاویدا.زیاتر لەحەملەی نەعرەتە لێدان بۆجەنگێکی خوێناوی ئەچێت.**

**ئەمریکا وڕۆژئاوا دەسەلاتی ئایندەی عێراقیان دابەشکردووە بەگوێرەی ڕێژەی سەدی تایەفەکان کەلەپێناسەی ئەواندایە بۆ خەلکی ئەم وولاتە.سەدی هێندێك بۆ شیعە،هێندیش بۆ سوننە،وهێندێکی کەمتریش لەمانە بۆ کورد.دەزگای پان وپۆری ژوڕنالیستی ڕۆژئاوا بەهەموو شێوەیەك خەریکە ئەم تەعریفە وئەم دەسەلاتە لەپێشدا دیاریکراوە ئەکاتە عەقلییەتی کۆمەلگا.هەلبژاردن لەلایەك سیناریۆیەکە بۆ ڕەسمییەتدان بەم پێناسەیەی ڕۆژئاوا،ولەلایەکی تریش وەرگرتنی پەنجەمۆری خەلکیە لەپێناوی شەرعییەتدان بەهێزهاوسەنگییەکی بوودەلە لەنیوان لایەنەکانی ناو سیناریۆکە، بەئەمریکاشەوە،کەبەشوێن هێرشی ئەمریکادا پێکهاتووە.**

**لەکاتێکدا وجودی ئەمریکا خۆی وەکو هێزێکی تیرۆریستی،بۆتە سەرچاوەیەکی نائارامی وتیرۆریزم لەعێراقدا،وەباشترین زەمینەی بۆ تەبلیغاتی ئیسلامی سیاسی وهێزگرتنیان فەراهەم کردووە، لەهەمانکاتدا بالە دژبەیەکەکانی ئیسلامی شیعە لەبەرامبەر ئیسلامی سوننە وکورددا یەکیان گرتووە، وبانگەشەکانیان بۆئەوەیە خەلکی شیعەمەزهەب هەرچۆنێك بووە کێشکەنە ژێرئالای خۆیانەوە.ئیسلامی سوننە وپاشماوەکانی بەعس وئیسلامی بنلادنییش یەکپارچە داوای بەشی زیاتر دەکەن وهەر بەم هۆیەشەوە موقاتەعەی هەلبژاردن دەکەن،وئیستسماری نارەزایەتی خەلکی ناوچەکانی ژێردەسەلاتیان دەکەن لەدژی ئەمریکا.یەکێتی وپارتیش کەدوو هێزی وەکو یەك عەشیرەیی ودژبەخەلکن،وهەرگیز دانوویان پێکەوە ناکولێ،ئەمرۆ دواى 10سال جەنگی ناوخۆییان یەکیان گرتووە.دیارە وەك خۆشیان دەلێن هەرچی زۆرتر کورد بەشداری بکات بەشیان زیاتر دەبێت ولەژێر ئەم شیعارە پووچەدا ئەیانەوێ هەم کوردستان بلکێننەوە بەعێراقەوە وهەم بەناوی کوردبوونەوە لەدەولەتی دوای هەلبژاردندا خەلکی کوردستان بکێشنە ژێرسایەی سیاسەت وئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستییانەوە. دەستەودایەرەی حیزبە تورکمانیەکانیش بەپشتیوانی دەولەتی تورکیا بۆسەنگی زیاتریان لەم تەوافوقەدا، وبەتاییەت لەکەرکوکدا قاچێکی ئەم هێزهاوسەنگییەن،کەتموحی کەمالیستی تورکی ئاراستەیان دەکات.**

**بەمجۆرە گالتەجاڕی هەلبژاردن کۆمەلگای عێراقی لەئاستانەی جەنگێکی خوێناوی نێوان ئەم هێز ولایەنە دژبەیەکانەدا ڕاگرتووە. بانگەشە بەهیچ جۆرێك بۆ خواستەکانی خەلك وبەتاییەت بۆ دەرکێشانی کۆمەلگا لەم گێژاوە ولەم سیناریۆ ڕەشەی ئێستا وگێڕانەوەی ژیان ومەدەنییەت نییە بۆی.بانگەشە بۆ شەڕە لەسەر بەشی ئەم لایەنانە لەعێراقی ئایندەدا.بەلام ئایا چی گەرەنتییەك وچشتێك ئەتوانێ ئەم هێزە ڕەشانە پابەند بکات بەتەوافوقی نێوانیانەوە؟!مسعود بەرزانی دەلێ لەسیاسەتدا گەرەنتی نییە!سیستانی**

دەلێ،عێراق وولاّتێکی عەرەبییە.عەللاوی ویاوەر هەڕەشە لەخەلکی کوردستان دەکەن.تورکیاش دەلێ ویلایەتی موسل عایدی ئێمەیە. ئەوسەری وەزعەکە بۆ ئەمریکاش دیار نییە.لەو ڕووەوە کە هیچ کام لەم هێزانە نوێنەرایەتی هیچ بەشێکی خەلکی عێراق ناکەن،ونوێنەری بەرژەوەندیەکانی بەشە جیاوازەکانی بۆرژوازی ناو تایەفەکانن،وهەر هەموویان بەشدارن لەکێشکردنی ئەم کۆمەلگایە بۆ ناو ئەم گێژاوە،وبەرژەوەندیان تێیدا هەیە،ناشتوانن پابەندی هیچ تەوافوقێك بن.ئەم سیناریۆیە تۆپەلی تەکەتولەکانی ناو مجلیسی حوکم بەهەمان گەوهەری ناکۆك ودژبەیەکیانەوە لەڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە سیمایەکی جەماوەری پێدەدات، وجەنگی ئێستایان دەگوێزنەوە بۆ ناو خەلك وگۆڕەپانی ژیانی هاوولاّتیان لەکۆتاییدا.ئەمە ئەو ئاکامەیە کەلەبانگەشەی هەلبژاردندا بۆهەر کەسێك کەشتێك بەرچاوی نەگرتبێت،یاهاتوهاوار وفریوکاری ئەم هێزانە لەگەل خۆیدا نەیبردبێت بەئاشکرا دیارە.بۆیە موقاتەعەی ئەم گالتەبازارە خۆی بەتەنها "نـــا"یەکی موهمە بەجەنگێکی ناوخۆ کەبەناوی پرۆسەی دیموکراتی وگواستنەوەی دەسەلاّتەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت.حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بانگەوازی خەلکی عێراقی کردووە کەبەشیعاری،نا بۆ هەلبژاردن... نابۆ ئەمریکا...نا بۆ ئیسلامی سیاسی...بەلێ بۆ نان وئازادی ومەدەنییەت، سندوقەکانی دەنگدان بۆ خۆیان بەجێبێلن،وئەم سیناریۆیە پووچەلکەنەوە.